# جۆرەکانی دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا

**سارا صدق حمەأمین[1]، فاضل مجید محمود [2]**
[1] بەشی عەرەبی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، شاری سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: sara.hamaameen@univsul.edu.iq


## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە باسێکی تازەیە ، کە ئەویش لە بابەتی جۆر و چەشنەکانی تەکنیکی دیالۆگ (دیالۆگی ڕاستەخۆ) لەبواری شیعری نوێی کوردیدا. توێژینەوەکە بە تیوری وەسفی شیکاری و پراکتیزەکردنی دیالۆگی ڕاستەوخۆ بە هێنانەوەی نموونەی شیعری شاعیرانی نوێی کوردی ئامادەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا جۆری نوێی دیالۆگی شیعریی دیاریکراوە.

مەبەست لەم لێکۆڵینەوەدا گرنگی و دیاریکردنی ڕۆڵی تەکنیکی دیالۆگ جۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆیە، لە نوێکردنەوە و تێپەڕاندنی سنوری نێوان ژانرەکانی (شیعر و پەخشان)دا، بە تێکەڵکردنی تەکنیکی نووسین و دارشتن لە پێناو گەیاندنی ئامانجی شاعیر و داهێنانی ژانری نوێی ئەدەبی کوردی.


**کلیله وشه: تەکنیکی دیالۆگ، دیالۆگی ڕاستەوخۆ، دیالۆگی شیعریی، چەشن ، دەق**


## الملخص:

يعد هذا البحث بحثا جديدا من حيث الموضوع يتناول الأنماط و الأنواع الفنى للحوار (الحوار المباشر) في الشعر الكوردي الحديث. إعتمد البحث على المنهج الوصفي التحليلي و طبقناه على نماذج و أمثلة لأشعار شعراء الكورد الحديث مع ذكر لنوع جديد من الحوار الشعري.

يكمن أهداف و أهمية هذا البحث في إظهار الدور المهم لتقنية الحوار المباشر من حيث التجديد و عبور الحدود و التدخل بين الشعر و النثر، و مزج هذه التقنيات في الكتابة من أجل نقل أهداف الشاعر وما يريد إيصاله مع الأبداع لنوع جديد في الأدب الكوردي.



| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٠/١١/١٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/١/٤ \| ڕێککەوتی بلاوکردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | sara.hamaameen@univsul.edu.iq@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢١ م.ی.سارا صدق حمەأمین، پ.د. فاضل مجید محمود، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract:

This a new research in a variety of dialogue techniques especially in direct dialogue for the new Kurdish poems. The research is based on the analytical descriptive method, and we applied on the examples of the recent Kurdish Poets, and we pointed out the new types of poetic dialogues.

The main purpose of this research is to mention the importance of the role of dialogue techniques and types of direct dialogue in renewing, crossing borders and interfering between poetry and prose. The combination of these techniques in writing for the purpose of conveying the goals of the poet and what he wants to convey with creativity for a new type in Kurdish literature.


## پێشەکی:

لە مەودای ئەدەبیدا، بە پێی ئەو ڕەهەندانەی لە بارەی دیالۆگەوە خراونەتەڕوو، دیالۆگ وەك تەكنیكێكی هاوبەش لە بنیاتنانی دەقی نوێی ئەدەبیدا، لە هونەری گێڕانەوەدا تەكنیكێكی كاریگەر و هۆكارێكی گرنگ و چالاكی گەیاندن و گۆڕینەوەی بیروڕاو زانیارییە ، لە پێناو گەیشتن بە ڕاستی ڕووداو و دەرخستنی ڕوون و ئاشكرایی بەشداربووانی دیالۆگەكەن، واتا ئەم كارەش لە ئەنجامی پەیوەندیكردنی دوو كەس یان زیاتر، یان نێرەرو وەرگردا ئەنجام دەدرێت، پەیوەست بە لایەنە هونەرییەكانی گێڕانەوە لە شیعر و پەخشاندا.

لەم لێكۆڵینەوەدا، كە هەوڵێكی زانستییە بۆ لێكۆڵینەوە لەم لایەنە هونەرییەی گێرانەوەوە، بە ناونیشانی (جۆرەكانی دیالۆگ لە شیعری نوێی كوردیدا)، بە تایبەت (دیالۆگی ڕاستەوخۆ)بە نموونەی شیعری شاعیرانی كرمانجی ناوەڕاست، بە پێی ڕێبازی وەسفی شیكاری، پراكتیكی دەقە شیعرییەكان دەكرێت.

لێكۆڵینەوەكە لە پێشەكییەك و دوو تەوەر پێكدێت، لە تەوەری یەكەمدا باس لە شیعری نوێی كوردی دەكەین ، لە تەوەری دووەمدا باس لە تایبەتمەندی و جۆری دیالۆگی ڕاستەوخۆ و چەشنەكانی دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕووت و دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفی و دیالۆگی ڕاستەوخۆی شیكاری و دیالۆگی ڕاستەوخۆی سیمبولی بە نموونەی شیعری پراكتیكی دەكەین. لە كۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەكە و لیستی سەرچاوە و كورتەی توێژینەوەكە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دەخەینەڕوو.

## تەوەری یەكەم - دەروازەیەك لەبارەی شیعری نوێی كوردییەوە:

بەپێی ناونیشانی لێكۆڵینەوەكەمان، بە پێویستی دەزانین سەرەتا بزانین شیعری نوێی كوردی چۆن و كەی سەریهەڵدا و بە كاریگەری چی وسیما و تایبەتییەكانی چیین، تا بتوانین بە ئاسانی شیعری نوێی كوردی لە شیعری كۆن جیابكەینەوە و كاری لەسەر بكەین. بە گەڕانەوەمان بۆ مێژووی ئەدەبی كوردی، دەبینین میللەتی كوردیش وەك هەموو میللەتانی جیهان (گێتی) ((خاوەنی یەك ئەدەب بوون، بە هەردوو بەشیەوە، ئەدەبی سەرزاری و ئەدەبی نووسراو،)) (خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٥٧) ئەدەبی سەرزاری یا فۆلكلۆر (بە هەموو بەشەكانیەوە) سەرچاوەیەكی بە بایەخی ئەدەبی نووسراوە، پاش ئەو ئەدەبی میللی دێت بە نموونەی (فەقێ تەیران، عەلی بەردەشانی...)، دواتر ئەدەبیاتی نووسراو بە چەند قۆناغ و سەردەمێك و قوتابخانەی (كلاسیكی ،كلاسیكی نوێ، ڕۆمانتیكی و پاشان ریالیزمی) جیادەكرێتەوە. بۆیە باسكردن و دوان لەبارەی شیعری نوێ و سەرهەڵدانی ڕێبازی نوێ شیعریی، واتە باسكردن لە كۆنی و نوێی (تازە)ی لە ئەدەبی كوردیدا،بۆ ئەو مەبەستە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەردەم و ڕووداوانەی هۆكاربوون بۆ گۆڕانكاری لە ژیانی كۆمەڵگە و بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری و فیكری و ڕۆشنبیری ...، كە وەك كۆمەڵێك هۆكاری بابەتی، ڕێگە خۆشكەربوون لە هاتنەكایەی تێڕوانین و بیروبۆچوون و ڕێچكەی ئەدەبی جیاواز، كە ڕەنگدانەوەی ئەوكات و شوێن و حاڵەتانە بێت، ئەم گۆڕانكاریانەش ((دەكەوێتە ئەو ماوەیەی نێوان كۆتایی هاتنی شەڕی یەكەمی جیهان

واتا ساڵی ١٩١٨ بە دواوە تا کۆتایی ١٩٢٥ز.....، بە کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی گۆڕانکارییەکی بنچینەیی هەموو لایەکی گرتەوە لە ڕووی سیاسیەوە نەخشەی ناوچەکە گۆڕاو وولات کەوتە ژێر چنگی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا کە دیارە کوردستانی عێراق بەر داگیرکردنی ئینگلیز کەوت و ئەویش لە ڕێگەی مەلیك و ئاغا و دەرەبەگ و چینی بورژوازیی کۆنەپەرست باشتر دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرت و ئابووری تاڵان کرد و خەڵکیش تووشی دیلییەتی و دواکەوتن و چەوساندنەوە بوو، کۆمەڵێ دەرمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت دەروونی بەرپا بوو.)) (عەبدولکەریم، ٢٠٠٠، ١٤٧)

بێگومان ئەمانەش هۆکارن بۆ جوڵاندن و دروستبوونی خەمی مرۆیی لای نووسەر و ئەدیبان، تەنانەت دەبنە بوارێك بۆ دەرخستنی هەست و ویستی خەڵکی و دەربڕینی لایەنی دەروونی دەنگی نارەزایی و سەربەخۆیی ئادەمیزاد و بیری نیشتیمانی و نەتەوەیی، لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەو تەنگژە و ئاڵۆزییەکاندا، ئەمەش پێویستی بە ڕێچکە و ڕێبازی نوێی ئەدەبی هەیە کە لە جیهاندا و بەتایبەتی لە ئەوروپادا سەریهەڵدا، دواتر لە ئەدەبی عەرەبی و تورکی، پاشان لە ئەدەبی عێراقیشدا پەیڕەوی کراوە، ((ئەدەبی عەرەبی لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا گەشەسەندن و پێشکەوتنی گرنگی بەخۆوە بینیوە، ... کە لە بواری ڕەخنە و چیرۆك و ڕۆمان و شانۆدا بەشداری بەرچاویان هەبووە لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی «طە حسين و توفيق الحكيم و إبراهيم عبدالقادر المازني و محمد مندور و نجيب محفوظ و ئەوانیتر»...، شیعریش چانسێکی زیاتری لەم گەشەسەندن و پێشکەتنەدا هەبووە، سەرەتاکانی بۆ دەستپێکی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە)) (الصائغ، ٢٠٠٦، ٢٢)، لەو ماوەیەشدا چەندین بزوتنەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی سەریانهەڵداوە و بیروبۆچوون و کارەکانیان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە پێشخستن و (نوێکردنەوەی)* بەرهەمی ئەدەبی و شیعردا بە نموونەی جووڵانەوەی دیوان و شاعیرانی تاراوگە و کۆمەڵی ئەپۆلۆ، ئەویش بە ((گرنگی دانیان بە ئەدەبی ڕەمزی، لە تازەکردنەوەی دەستەواژەکان و بانگەوازکردن بۆ دەربڕینی خۆرسکانە کە گەرەنتی داهێنانەکانیان بێت)) (الصائغ، ٢٠٠٦، ٢٢)، ئەمانەش هۆکاربوون بۆ پێشکەوتنی ئەدیب و شاعیرانی عێراق بەوەی ((ڕێچکەیەك بەو شێوەیەی –لە ڕووی بیروبۆچوونەوە- لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا و بە تایبەتی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهان سەریهەڵدا و کۆمەڵێ لە شاعیران پەیڕەویان کرد کە زیاتر ڕێڕەوێکی هاندانی و چارەسەری بوو و کەوتبووە نێوان ماوەی قوتابخانەی لاسایکردنەوە (تقلیدی) لە سەدەی نۆزدەهەمدا و قوتابخانەی تازەگەری (التجدید) دوای شەڕی دووەمی جیهان لەو شاعیرانەشی (زەهاوی، ڕەصافی، کاظمی و...گەلێکی تر)( (عەبدولکەریم، ٢٠٠٠، ١٥٠).

لەگەڵ ئەوەشدا بە ((هاتنی ئینگلیز دوای عوسمانییەکان بۆ عێراق و بە تایبەتیش بۆ بەغدا بە فاکتەرێکی تری گەشەکردنی ڕۆمانتیکیی لە عێراقدا دەزانرێت، کە ئەمجارە ئەدیبانی عێراق ڕاستەوخۆ تێکەڵاوی ئەدەبیاتی ئینگلیزیی بوون و بەشێکیشیان بەشداریان لەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەدا کرد.)) ((حوسێن، ٢٠١٠، ٩٩ )

هەروەها ئەدەبی تورکیش لە سەدەی بیستەمدا گۆرانکاری و نوێکردنەوەی بەخۆوە بینیوە، بەهۆی ئەوەی تورکەکان ((پایتەختی ئیمپراتۆریەتەکەیان لە ئەورووپا نزیك بوو و پەیوەندییەکی بازرگانی و سیاسی و ڕۆشنبیریی پتەویان لەگەڵ ئەوروپادا هەبوو، لە زۆر زووەوە (پێش گەلانی کورد و عەرەب و فارس) توانیویانە پەیوەندی لەگەڵ ژیانی کولتووری و هونەری ئەوروپا دروست بکەن.)) (پیرباڵ، ٢٠٠٥، ٥٨) هەربۆیە ئەم ئەدەبە کاریگەری هەبووە لە سەر ئەدەبی کوردی بەهۆی ئەو بزوتنەوە ئەدەبییە نوێخوازییانەوە، ((کە بنەماو بنەڕەتی هەرە دیاری ئەو بزوتنەوەیە خۆدامالین و خۆدورخستنەوە بووە لە ئەدەبێکی بێگانە کە ئەدەبی فارسی بووە، بەڵام لەگەڵ ئەو هەنگاوەیاندا ڕوویانکردە ئەدەبێکی تری بێگانە کە ئەدەبی فەرەنسی بوو))(محمد، ٢٠٠١، ٦٠) ،هەر ئەمەش هۆکاربوو بۆئەوەی ((ئەدەبیاتی ئەم سەردەمە، بە شێوەیەکی گشتی گیرۆدەی بیروباوەڕی ئەوروپاییان و بە تایبەتی بە بیروباوەڕەکانی شۆڕشی مەزنی فەرەنسا بوون و گۆڕانێکی تەواو بەسەر ئەدەبیاتی عوسمانیدا هاتووە بە تایبەتی لە لایەنی چەمك و ناوەڕۆکەوە.)) (تاقانە، ٢٠٠١، ٨)

لە نوێکردنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی تورکی دا، چەند قوتابخانە و کۆمەڵەی ئەدەبی و شیعری نوێ ڕۆڵیان هەبووە، لەوانە : ڕێبازی ئەدەبیاتی جەدیدە ((بەگشتی دوو قۆناخ یان دوو لقە ڕێبازی ئەدەبی بەخۆوە دەگرێ، یەکەمیان کۆمەڵەی سەروەتی فونوون- واتە – سامانی هونەر)ە و بەناوی گۆڤارەکەیانەوە ناو دەبرێن و گەورەترین شاعیریان (تۆفیق فیکرەت)بووە، قۆناخی دووەمی (ئەدەبییاتی جەدیدە)...(ئودەبای فەجری

ئاتییە) کە (تۆفیق فیکرەت) پێوەندی پێوەنییە)) (تاقانە، ٢٠٠١، ١٨)، هەروەها (جەناب شیهابەددین)یش ((شاعیری پێشڕەوی (سەروەتی فونوون))) (پیربال، ٢٠٠٥، ٥٨)، (جەلال ساهیر ئەرۆزان)یش کە لە ماوەی هەردوو قۆناغەکەی ئەدەبیاتی جەدیدە و دوای هەر ڕێباز و قوتابخانەی نوێی ئەدەبی شیعری داناوە، (عەبدولحەق حامید)یش یەکێکی ترە لەو شاعیرە نوێخوازانەی سەردەمی تەنزیمات کە ڕۆڵی کاریگەر و گرنگیان لە نوێکردنەوەی شیعری تورکیدا هەبووە. (تاقانە، ٢٠٠١، ١٨)

ئەم گۆڕانکاری و ڕووداوانەی سەردەم کاریگەریی گرنگ و پڕ بایەخی هەبووە لەسەر ئەدەبی کوردی بە گشتی و شیعریش بە تایبەتی، بەجۆرێك کاتێك باس لە بزاڤی شیعری نوێی کوردی دەکرێت لە سەدەی بیستەمدا، یەکسەر دەچینەوە بۆ ئەو قۆناغەی کە شاعیران و نووسەران کاریگەربوون بە ئەدەبی تورکییەوە، بە شێوەیەك ((لە ژێر کاریگەری ئەدەبی تورکیدا ئەو بزوتنەوە نوێیەیان بەرپاکردووە و سیما و شەقڵە تازەکانی ئەو بزوتنەوەیە ئاکامی کاریگەربوونی ڕابەرانی بزوتنەوەکە بووە بە ئەدەبی تورکییەوە)) (محمد، ٢٠٠١، ٦٠)، واتا لە ناو ئەدەبیاتدا ژانری شیعر بەپێی سەردەم ئاستێکی بەرز و دیاری لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی ژیاندا پیشانداوە، ڕەنگدانەوەی باری ژیان و ئابووری وکۆمەڵایەتی و سیاسی...هتد، کە ((لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا ڕاپەڕینی تازەی نەتەوایەتی تورکەکان و باری ئەدەبی سەردەمیان لە ژێر زەبری ڕۆژئاوادا لە شەپۆلدا بوو، باری سیاسی کوردیش، لە سایەی ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمودو ناکۆکیەکانی نێوان ئینگلیزەکان و تورکەکان و سیاسەتی بەناو بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و بە ناوەڕۆك بۆ دەست بەسەردا گرتن و چەوساندنەوە لە لایەن داگیرکەرە ئینگلیزەکانەوە،)) (فەللاح»، ١٩٧٨، ٢٨) لە ئاکامدا ((ڕەوشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریەکەشی گۆڕانی بەسەرداهات)) (نوری ئەمین، ٢٠٠٤، ٦٩). ئەمانەش ڕێگە خۆشکەر و گرنگبوون بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەی ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەدەبی و سیاسی و بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و شیعریە کوردییەکان، بۆ نموونە (عەبدولرەحیمی هەکاری) شاعیر و ڕۆژنامەنووس لە گۆڤاری (ژین)ی ئەستەمبوڵی ساڵی (١٩١٩)ە، بە یەکەم کەس دادەنرێت لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا و بە پێویستی زانیوە گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی شیعریدا بکرێت، بۆئەوەی خەڵکی تێبگەیەنێت، بە ئەدەبیاتی تورکی و فەرەنسی کاریگەربووە، لەگەڵئەوەشدا لە ئەدەبی کوردیدا عەبدولرەحیمی هەکاری و پیرەمێرد لە پێش هەموو نووسەرێکی کوردییەوە بایەخیان بە نووسینی شانۆنامە (پیەس، تەمسیل،یان درام)یان داوە، هەروەها عەبدولرەحیمی هەکاری یەکەم کەس بووە دەق شانۆی (مەمێ ئالانی)ی نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە(کریم، ٢٠٠٦، ٤٦)(پیربال، ٢٠٠٥، ٦٨)، هەربۆیە ئەو بڵاوکراوانە ((لەو ساڵانەدا کاریگەریان هەبووە لەبەرەو پێشچوونی ڕەوتی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵکی کوردستان و ئاگاداربونیان لە ڕۆشنبیری و بارودۆخی سیاسی وولاتانی دراوسێ)) (حمەامین، ٢٠١٠، ٥٥)، لەلایەن چەند ((توێژێکی ڕۆشنبیری بورژوازی کورد لە بزوتنەوەی نیشتمانی گەلی کورد برەویان پێدا)) (رسول، ١٩٦٦، ٨٩) (ئەمین.، ٢٠٠٢، ٤٤)، ئەمەش وایکرد کە شاعیرانی کوردستانی عێراق بەهرە و سەلیقەی هونەری خۆیان لە شێوەو ناوەڕۆکێکی سەردەمیانە بۆ شیعرەکانیان پەیڕەوی بکەن، هەرچەندە ((سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ سەدەکانی هەڤدەهەم و هەژدەهەم ئەگەڕێتەوە بە تایبەتی لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانیدا کە سیما و مۆرکی ئەو بیرەی پێوەدیارە)) (سەعید، ٢٠٠٨، ٢٨٠)، لەگەڵ ئەوەشدا (( حاجی قادری کۆییش لە سەدەی نۆزدەهەمدا بە شیعرە نیشتمانی و نەتەوەییەکانییەوە، لەسەر هەمان ڕێبازی خانی ڕۆیشتووە بووە بە درێژە پێدەری ئەو ڕێبازە لە سەردەمی خۆی و تەنانەت دوای خۆشی ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی بینی لە پێشخستن و گەشەی بیری نیشتمانی و نەتەوایەتیدا.)) (سەعید، ٢٠٠٨، ٢٨١)

ئەمەش وەك قۆناغێك لە قۆناغی نوێی ئەدەبیاتی کوردی، کە بە دەرکەوتنی بیری نیشتمانی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری دەنگی دایەوە، لەم بارەیەوە دکتۆر ئیحسان فوئاد دەڵێت:((خۆی لە قوتابخانەی تەنویری ڕۆشنبیریدا نواند، وێڕای ئەوەش ئەم بیرە لە شیعری کلاسیکیدایە بە تایبەتی لای خانی و نالی و سالم و کوردی ڕەنگی دابووەوە، بەڵام حاجی ڕاشکاوانە و سادە و ساکارانە ئەم بیرەی بە گوێی خوێنەران و کوردەواریدا داوە، پاشتر لە قۆناغێکی نوێتری وەك ڕۆمانسی و ڕیالیزمیدا مەیدانێکی گەورە و فراوانی گرتەوە و بوو بە ناوەڕۆکێکی سەرەکی لە شیعری کوردیدا، بە تایبەتی لە نێوان ماوەی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا، کە وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مەیدانی شیعردا، بە قۆناغی داهاتنی شیعری نوێی کوردی ئەناسرێ، هەر لەم سەردەمەدا ئەم ڕێچکەیە لە ڕووخسار و ناوەڕۆکدا خۆیگرت و بە ئەزموونێکی

سەرکەوتوودا تێپەڕی.)) (سەعید، ٢٠٠٨، ٢٨٢) سەرەتای ئەم ڕێچکەیەش لە ((...یەکەم گۆڕینی کێش و قافیەی شیعری کوردی؛ بەرەو شتێکی تازەی سەربە جیهانی شیعری جیهانی لە سروودی کوردیدا بوو)) (ڕەسوڵ ، ١٩٨٩، ٣٨-٣٩)، ئەم گۆڕینەش پەیوەستە بە بابەتی ئاوازەوە، لە دواتردا تێکەڵبوونی لەگەڵ چەشەی گۆرانی و مەقامی کوردیدا، کە لە سێ لایەنەوە بەیەك دەگەنەوە، ئەوانیش:

((١- گیانی ئازادیخوزانەیە.

٢-بەکارهێنانی ڕوخساری تازە لە (کێش و قافیە و زمان)دا، بۆ دەربڕینی ئەو گیانە.

٣-ئەو ئاوازانەی کە لە سەرەتادا هەر ئاوازی سروده تورکی یەکانی قوتابخانە بوون و بە ووشەی کوردی، بیری تازەی کوردییان پێ دەربڕاوە، دووایی ئاوازی سروودی کوردیی خۆماڵیش، ووردە ووردە بە چەشنێك هاتە مەیدانەوە کە سروشتێکی کوردانەی وای تێدابێت، کە لە یاسای هونەری سروودی جیهان لای نەدابێت.)) (ڕەسوڵ، ١٩٨٩، ٣٩)

هەبوونی ئەم تایبەتمەندییانە لە سروودەکاندا بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەوە ((کاریگەرییەکی زۆریان کردە سەر بە سیاسی بوونی شیعری کوردی ئەو سەردەمە...)) (خۆشناو، ٢٠٠٢، ٧٨)، لەگەڵ ئەوەشدا ((بە گەڕانەوەی (پیرەمێرد)بۆ شاری سلێمانی لە دوای چەند ساڵێك لە کۆکردنەوەی زانیاری و ئاشنابوونی بە ئەدەبی تورکی و ئەورووپی سەردەمی ڕۆشنگەری، کاریگەربوونی بە بزوتنەوەی نەتەوایەتی و پێشکەوتنخوازی، هەر زوو ڕێگە خۆشکەربوون بۆ پێشەنگ بوونی لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا. لە ناوەڕۆك و ڕووخساردا، بە بایەخدانی بە زمانی شیعری و رووکردنە بەکارهێنانی ووشەی کوردی پەتی، وەك تەکنیکی نوێ و لە پاڵ ئەو تەکنیکەدا ناوەڕۆکی نوێی پێبەرجەستە کردووە)) (حمەامین، ٢٠١٠، ٥٦)، هەروەها گۆرانیش لەبارەی ئەم نوێکردنەوەیە لە شیعری کوردیدا وەك ئاماژەی بۆ کردووە لە وەڵامی پرسیاری هەردوو کەسایەتی (محەمەدی مەلا عەبدولکەریم) و (عەبدولرەزاق بیمار)دا، کە نووسەر و شاعیرانی ئەو سەردەمە، بە تایبەتی شاعیران (شێخ نووری شێخ ساڵح و رەشید نەجیب و گۆران )، کاریگەربوون بە ئەدەبی تورکی و قوتابخانەی شیعری نوێی (ئودەبای فەجری ئاتی) و شاعیر و ئەدیبەکانیان، هەرچەندە لەیەك ڕوانگەوە دەیانڕوانیە ئەو تازەکردنەوەیە، بەڵام لە ڕووی بڵاوکردنەوە شێخ نووری زیاتر لەوان بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە و کاریگەریی هەبووە بەسەر ئەدەبی کوردیەوە ،(بیمار، ١٩٧٠، ٣٠) گۆرانیش دەڵێت:((ئەم تازەکردنەوەیە بە (تقلید)کردنی ئەدەبی تورك ڕوویدا، بەڵام ئەدەبی تورکی جوڵانەوەیەکی تازەتری لێ دەرکەوت کە تورکەکان لە ڕووی گیانێکی (قەومی)یەوە ئەهاتن کێشی هەڵبەستە شعبی یەکانیان ئەژیانەوە و لەسەر ئەم کێشانە هەڵبەستیان دائەنا.. کە ئەمەش کێشی هیجایە.. ئیتر من تەنها بە کۆششی ئەوان نەوەستام و وەزنی هیجاشم وەرگرت و بەکارهێنا)) (محمد، ٢٠٠١، ٦١) (بیمار، ١٩٧٠، ٣٠)

لەم قۆناغەشدا شیعری نوێی کوردی و هەوڵی شاعیران لە نوێکردنەوەکەدا لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە، پێکهاتووە لە گەڕانەوە بۆ کێشی خۆماڵی یا پەنجە یا بڕگەی شیعری فۆلکلۆری کوردی و بەکارهێنانی وشەی کوردی پەتی، کە ((دوابەدوای ((گۆران))یش بوو بە سیمایەکی دیار و گشتیی شێوازیی شیعری نوێی کوردی لە لای کۆمەڵێ شاعیری ناوداری کورد وەکو هاوتەمەنەکانی (گۆران)، لەوانە (ع.ح.ب، کامەران، دیلان، ئەحمەد هەردی، حەسیب قەرەداغی،جەمال شارباژێری، شێرکۆ بێکەس و ....هتد)) (کاکی، ٢٠١٢، ٩٣)، هەروەها لە ڕووی گۆڕینی ناوەڕۆکەوە لە باسی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی کوردەوە چەندین لایەنی ئەو بزوتنەوەیەی گرتەوەو، بەوەی لە باسی مەسەلە گشتییەکان و دەربڕینی هەست و ئەزموونە نەتەوەیەکانەوە، گەڕانەوە بۆ باسی تاکە کەسی و مەسەلە گشتییەکان لە کێشە نەتەوەی و کۆمەڵایەتی و نیشتمانیەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی بابەتی جیاوازەوە. (ڕەسوڵ، ١٩٨٩، ٤٠)بەپێی ئەم تایبەتمەندی و گۆڕانکاریانە لە شیعری کوردیدا وایکرد ((شاعیران کە لە چاچێوەی شیعری کلاسیکی دەرچوون، مەبەستیان لە دەرچوونەکەش دیاردە دەرەکییەکەی نەبوو، بەڵام هۆکارە ناوەختییەکانی پەیوەندییان بە بارودۆخی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەوە هەبوو، کە خۆی بەسەر کۆمەڵدا فەرز دەکرد)) (کریم، ٢٠٠٦، ١٠٠-١٠١)، واتا ((هۆنراوەی تازە دەستی لە شانازی خۆی هەڵگرت لە کاتێکا کە سۆزی نیشتمانی و کۆمەڵی تیایا بوژایەوە و هەستی بە پەیامی سەر شانی خۆی کرد... چونکە هەرگیز پەیامیان لەوگەلە جیانابێتەوە کە خۆیان لە ناوجەرگی یەوە هەڵقوڵاون و پەروەردە بوون )) (ئاوارە،١٩٦٧، ١٤)، بۆ نموونە گلەیکردن لە میللەت و هەڵبڕینی دەنگی ناڕەزایی و ڕەخنە لە ئاست نارێکی و خراپەکانیان، لە ڕێگەی دیالۆگەوە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

بە نموونەی (مەلای گەورە) شاعیری کۆیە، کە دەڵێت:

((ئەری ئەی مامە کوردە پێم بڵێ چیت؟

کڵاش خواری کەوا دڕیای کراس چیت!

کەپوو فیچ و لچ ئەستوور و ددان گڕ

کوتو کوێر و گەڕ و گێر و سەلك خڕ

بە گیان و دڵ لە ڕەبی خۆت دەخوازی

زگت پڕبی لە ئەستوورك و پیازی

ئەم تاڵاییەی حاڵەتی هەست بە پەستی میللەت کردن هەر خۆیەتی لە کاتی شانازیی بە میللەت کردندا ئەمەی داوەتەوە:

دەتەوێ پێت بڵێم چییە کوردی

عاقڵی و چاپوکی و جوانمەردی

میللەتێکە لە فەوق تورك و عەجەم

صاحێی حەزم و ڕەزم و بەزم و کەرەم)) (محمد م.، ٢٠١٠، ١٧٨)

واتا لێرەدا بارودۆخی سەردەمەکە وا لە شاعیر دەخوازێت،((کە دەنگی ئازادیخوازی و هەستی پەنگ خواردووی ناخی میللەت بگەیەنێتە گوێی جیهان، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستی دەکرد، بە ووردی لە گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بدوێت و بابەتی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بە تەواوەتی لە بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی ئەو سەردەمەدا ڕەنگی داوەتەوە)) (کریم، ٢٠٠٦، ٥٣).

ئەمەش وەك پەیوەستبوون و ئەرکی شاعیر لە پێناو خزمەتکردنی کۆمەڵدا، پێویستە لەلایەکەوە ئەو ئەرکەی((بەرامبەر بە کۆمەڵ هەیەتی ئەبێ بە زمانی ئەوان بدوێ تا بتوانێ واتە و مەبەستی ناو شیعرەکانی بەوان حاڵی بکا)) (ئێلخانیزادەwww.vejinbooks.com)، لەلایەکی ترەوە ((ڕاسپێرییەکە کە سەبارەت بە هونەر هەیەتی و نابێ تەواو خۆی تەسلیمی نزمییەك بکا کە لە قسە و باسی وتووێژیدا هەیە، چونکە ئەگەر جوانی و بەرزی هونەر لە شیعرا نەبێ، قسەی شاعیر ئەبێ بە ئامۆژگاری ڕووت یا گێڕانەوەی داستان. شاعیر لە لایەکەوە ئەبێ خۆی لەگەڵ کۆمەڵ ڕێکبخا لەلایەکی ترەوە ئەبێ لە کۆمەڵ پێشکەوێ))(ئێلخانیزادە،www.vejinbooks.com)، لە ڕووی بەکارهێنانی زمانەوە وەك خاسیەت و تایبەتمەندییەکی تری شیعری نوێی کوردی ئەو سەردەمە ((زمانێکی دەربڕینی تازە هاتە ئارا کە لە سەرەتادا لەژێر کاریگەری ڕۆمانتیکە تورکەکاندا دروست ببوو؛ گۆران ناوی ((لەم زمانە)) نابوو ((کوردیی عوسمانلی)) کە زیاتر شێخ نووری و ڕەشید نەجیب و خۆی لە ساڵانی ١٩٢٠دا بەکاریان دەهێنا؛ پاشان وردە وردە لە ساڵانی ١٩٣٠-١٩٤٠بەملاوە بەکارهێنانی زمانێکی کوردیی پەتی هاتە ئارا)) (پیرباڵ، ٢٠٠٥، ٨٠)، هۆکاربوو بۆ پاکردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە و پاراوکردنی زمانەکە.

هەروەها یەکێکیتر لە سیما و خەسڵەتەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی خۆی لە یەکێتی بابەتدا دەبینێتەوە، بەوەی پێشتر لە شیعری کلاسیکدا یەکێتی بەیت پەیڕەوی کراوە، بە جۆرێك هەر بەیتێك سنورێکی سەربەخۆی واتایی هەبووە (فەللاح»، ١٩٧٨، ٣٧)، لەگەڵ نوێکردنەوەدا و لە شیعری ڕۆمانتیك و ڕیالیزمدا یەکێتی بابەت و واتای تێکڕای دێڕە شیعرەکان لە پێناو یەك بابەتدا هاتەکایەوە، ئەمەش ((وەرچەرخانێك بوو لە شیعری نوێی کوردیدا. بەخشش و داهێنانی شیعری گۆران وەك پێشەنگی شیعریی کوردی ...، گۆران هەندێ کەرەستەی هونەریی کۆنی خستەلاوەو لەبری ئەوە کەرەستە و شێواز و دەلالەتی نوێی بە شیعری کوردی بەخشی. ئەو بەیتی تێکشکاند و ڕیتمی نوێی هێنایە کایەوە، تارادەیەك شیعری لە چاچێوەی ڕەوانبێژیی دەرکرد و لەبری ئەوە وێنەی نوێی دوور لە کەرەستەی سواوی ڕەوانبێژیی داهێنا.)) (حسین و محمود، ٢٠١٢، ٦٤) لە ڕووی تەکنیك و شێوازی نووسینی شیعریشەوە داهێنان و تازەکردنەوەی بەخۆوە بینی، وەك دانانی ناونیشان بۆ دەقە شیعرییەکان، بەوپێیەی ((ڕەگەزی ناونیشان یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دەق)) (سدیق، ٢٠١٠، ٦٣) و کلیلی چوونە ژوورەوەیە بۆ ناو ناوەڕۆکی دەقە شیعریەکە، بێجگەلە داهێنانی چەند شێوە وقاڵب و شێوازی شیعری و تێکەڵکردنی

ژانری شیعر و پەخشان، وەك ((شیعری ئازاد یان شیعری سەربەست، شیعری ستوونی، شیعری بینراو یان دیتەنی Visuel پۆستەرە شیعر، شیعری سپی، پەخشانە شیعر، چیرۆکە شیعر، شیعری چیرۆکئامێز، کۆنووس، شیعری ئۆتۆماتیکی، شیعری کۆنکرێتی، شیعری شانۆیی یان درامی، ئۆپەرێت، سروود، شیعری منداڵان و لەبارەی منداڵان... . هەموو ئەم ژانرە تازانە لە ساڵی ١٨٩٨ بەملاوە دێنە ناو ئەدەبی کوردییەوە)). (پیرباڵ، ٢٠٠٥، ٨٢)

بۆیە لێرەدا شاعیران توانییان شێوە و شێوازی شیعریی تایبەت بە خۆیان بگرنەبەرو، هۆکاربن بۆ داهێنانی قاڵب و شێوازی نوێی شیعریی، کە ((جۆراوجۆرێتیەکی دەوڵەمەند بکەوێتە ناو شیعری کوردییەوە. ... بۆ نموونە پیرەمێرد هات پەندی پێشینانیشی کردە فۆرمێکی دەربڕینی شیعر، قانیع هات بە جورئەتەوە دیالۆگی خستە ناو شیعرەوە، واتە شیعری لە شێوەی گفتوگۆی نێوان دوو کەس گێڕایەوە. ئەمەش کارێکی تازە بوو، چونکە لەلایەك خاسیەتێکی گێڕانەوەیی بەخشییە شیعر،...، لە لایەکی دیکەشەوە توخمی درامایی لە شیعردا بەهێزتر کرد و ڕێگەی خۆشکرد شیعری درامایی بێتەکایەوە.)) (پیرباڵ، ٢٠٠٥، ٨٦)

هەروەها جیاواز لە سەردەم و شیعری کلاسیك (خەزنەدار ،٢٠٠٦، ٥٧-٦٥) وەك تەکنیکێکی نوێی نووسین و دەربڕین ، ((ڕەچاوکردنی نیشانەکانی خاڵبەندی و بەکارهێنانی وەك تەکنیکێکی دەربڕین خاسیەتێکی دیکەی شیعری نوێیە. شیعر نووسین لە دەفری زمانی کوردیدا، لە سەردەمی کلاسیکدا ، واتە تا سەرەتای ئەم سەدەیەش حاڵی وەکو حاڵی پەخشان، هیچ حسێبێکی ئەوتۆی لە رووی خاڵبەندی (دانانی ((خاڵ)) ((ڤێرگوڵ)) ((ڤێرگۆلی خاڵدار)) ((دووخاڵ))هتد بۆ نەکراوە)) (پیرباڵ، ٢٠٠٥، ١٣٢)، چونکە لە شیعری کلاسیکدا ((واتای شیعر لە ناو یەك تاقە بەیتدا دەتواوەو وکۆتایی دەهات. ...بەڵام لە شیعری نوێدا واتا درێژ دەبێتەوە و جێگای کۆپلەیەکی شەش دێری دەگرێ. جاری وا هەیە دەکەوێتە دوو کۆپلەوە. ئەمەش پێویستی بە بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی هەیە ...گۆران یەکەم شاعیری نوێیە کە ئەمەی بەکارهێنابێ.)) (پیرباڵ، ٢٠٠٥، ١٣٢) بێگومان هەموو ئەم گۆڕانکارییانە لە ناوەڕۆك و شێوازی دارشتن و تێکەڵکردنی توخمە هونەرییەکانی شیعر و پەخشان لەڕووی تەکنیکەوە وەك نوێکردنەوە لە شیعردا، ئەویش لە لایەکەوە لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکی  دیالۆگەوە، کە شاعیر دەنگی خۆی و کەسەکان ئاراستەی بەرامبەر و کۆمەڵ دەکات و پاشانیش چەند دیمەنێکی کورت و سنوردار لە شێوەی وێنەی شیعریدا پیشاندەدات، هەروەها وەك ئامرازێك و هۆکاری گێڕانەوە بۆ گەیاندنی مەبەست و ئامانجی شاعیر  بەکاریدەهێنێت، خاسیەت و تایبەتمەندی جۆری بەرهەمە شیعرییەکە دیاری دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا جێی ئاماژە بۆکردنە کە هونەری دیالۆگ تەنها تایبەت نییە بە قۆناغی شیعری نوێی کوردی، بەڵکو لە هەموو قۆناغە جیاوازەکاندا دیالۆگ وەك تەکنیك بە ئاست و شێوازی جیا و جۆراوجۆر لە شیعری کوردیدا بەکارهاتووە و هەروەك لە قۆناغ و سەردەمی ئێستاشدا ئەم هونەرە بوونی هەیەو پەیڕەوی دەکرێت.

## تەوەری دووەم: جۆر و چەشنەکانی دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا:

### یەکەم: دیالۆگی ڕاستەوخۆ  و تایبەتمەندییەکانی:

ئەم جۆرە لە دیالۆگ کە  گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان دوو کەس/کاراکتەرە، لە نێوان دوو کەس/کاراکتەری نێو دەق شیعری لیریکی یان شیعری شانۆیی یان ئۆپەرێت یان چیرۆکە شیعر یان پەخشانە شیعر دەبێت، واتا ئاڵوگۆری زانیارییەکان لە نێوان ئەو دوو کەس/ کاراکتەرەدا بە شێوەی پرسیار و وەڵام، کە زۆرجار نێرەر دەستپێشخەری دیالۆگە و هەندێجاریش وەرگر دەبێتە دەستپێشخەر، لەگەڵ ئەوەشدا زانیارییەکان لە نێوانیاندا ئاڵوگۆر دەکرێت لە پێناو گەیاندنی مەبەست و زانیارییەکدا کە ئامانجی شاعیر یان کاراکتەرەکانە، بە جۆرێك کە ((قسەکەر وگوێگر لە یەك کاتدا هەم قسەکەرن هەم گوێگر، ئەگەر ئەمە لە چیرۆك و ڕۆماندا بەشێوەیەك بێت کە جیاوازبێت، ئەوا لە شیعریشدا شاعیر بەجۆرێك دیالۆگەکان ڕێکدەخات، کە بگونجێت لە هێرمۆنتیکای دەقەکەی و ئیستاتیکای دەقەکە لە دەست نەدات، چونکە مەودای شیعر بەرتەسك ترە و شاعیر ناتوانێ بە شێوەی دەق پەخشانی مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانی وشە و زاراوەکان بکات)) (سەعید و حمە، ٢٠١٨، ٦) لێرەدا بەبێ بوونی هیچ ناوەند و فەزایەك زانیاری و دیالۆگ ئەنجام دەدرێت، کە ڕاستەوخۆ دیمەنەکان روون


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

و ئاشكرا بە خوێنەر یان وەرگر دەگات.

بەپێی ئەو تایبەتمەندیانەی ئەم جۆرە دیالۆگەی پێدەناسرێتەوە ، ئەنجامدانێتی لە نێوان دوو کەس/ کاراکتەر بە شێوەی ناوهێنانی ڕاستەخۆی کەس/کاراکتەرەکان یان بەکارهێنانی دەستەواژەکانی (وتی ،وتم ، پرسیاریکرد ،وەڵامیدایەوە...) یان بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمی تاك (م ، من) و لەکاتی ئێستایی کاتی ڕانەبردوودا. جگە لەوەی لە هەندێ دەقی شیعری شانۆیی یان چیرۆکە شیعر و ئۆپەرێتەکاندا، بە دانانی پیت یان ژمارە یان دانانی نیشانەی هێڵ(-) یان شێوەی دەربڕین و دارشتنی دیالۆگەکە دیاریدەکرێت.

## دووەم: چەشنەکانی دیالۆگی ڕاستەوخۆ:

ئەمجۆرە لە تەکنیکی دیالۆگ بە پێی تایبەتمەندیەکانی بۆ چوار چەشن دابەش دەبێت، ئەوانیش:

**١-دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕووت:**

نموونەی دەقی شیعری لەم چەشنە لە دیالۆگ لە شیعری نوێی کوردیدا بریتییە لە هەندێک شیعری منداڵان و شیعری فێرکاری و پرسیارو وەڵام، یان دەمەتەقێی ئاسایی، یاخود شیعری گێڕانەوە و سرودی نیشتیمانیدا، بۆ نموونە لە هەندێک لە شیعرەکانی(بێکەس ،گۆران، قانع،هەژار،....هتد)دا، ئەم چەشنە لە دیالۆگ بەدیدەکرێت.

(فایەق بێکەس) لە دەقی شیعری منداڵانی وەك (تۆچیت؟ من کوردم) و (شوان و مەڕەکانی)دا، دیالۆگی بە شێوەی ڕاستەخۆی ڕووت لە نێوان دوو کاراکتەردا ڕێکخستوە، کە بە شێوازێکی سادە و ساکار دەربڕدراون، لە دەقی (تۆ چیت؟... )دا بە شێوەی پرسیارکردن و وەڵامدانەوەدایە هەر خۆشی وەڵام دەرەوەیە، واتا خودی قسەکەرە، بەڵام مەبەستی شاعیر زۆر لەوە زیاترە تەنها گەیاندنی چەند زانیاریەك بێت بۆ نەوەی داهاتوو، بەڵکو ئامانجی نەتەوەیی و ئامۆژگاریکردن و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی و تێکۆشان و خۆبەختکردنە لە پێناو خاك و نیشتمان و نەتەوەدایە، کە دەڵێت:

تۆ چیت؟ من کوردم نەتەوەی گوردم
خۆ ترسنۆك نیت؟ حاشا نەبەردم
چی تۆی لەناو برد؟ دوو دڵی و نیفاق
چۆن ڕزگار دەبی؟ هەر بە ئیتتیفاق
بڵێ چیت ئەوێ؟ بەرزی وەتەنم
بە خۆڕایی نا، بە گیان و تەنم (بێکەس، ٢٠٠٨، ٢١٤)

هەروەها لە دەقی (شوان و مەڕەکانی)دا شاعیر تیایدا بەجۆرێك ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی کاری شوان و مەڕەکانی دەگێڕێتەوە، لە ڕێگەی ناوهێنانی کاراکتەر(شوان و مەڕەکانی)یەوە دیالۆگەکە دروستدەکات و چەند زانیارییەك دەبەخشێت بە وەرگر/خوێنەر، لەگەڵ ئەوەشدا پیشاندانی ئەمەك دۆستی و چاکەکردن لە بەرامبەر یەکتردا نیشانەی دڵسۆزی و وەفاداریە، کە دەڵێت:

شوان:

مەڕەکانم چەندە جوانن چەند بە کەڵك و بەسەزمانن
بڕۆن ... بڕۆن بۆ ئەولایە زۆر لەوەڕی چاکی تیایە

مەڕەکان:

لوورەی گورگێ دێتە گوێمان نزیك کەوتۆتەوە لێمان
ئەگەر تۆ زوو نەگەی پێمان ئەو بەدخووە دێتە ڕێمان (بێکەس، ٢٠٠٨، ٢١٥)

(گۆران)ی شاعیر لە دارشتنی کۆمەڵەی حەوتەمدا، کە چەند دەقێکە بە شێوازی پیەس و لە یەك پەردەدایە، بە ناونیشانی (ماستاو...،

جۆقی یۆنسکۆ، موحاکەمەی مام چەوەندەر، نق و جق)دا هونەری گێڕانەوەی بەهۆی دیالۆگی نێوان کەس/کاراکتەرەکانەوە بە شێوازی ڕاستەوخۆ ئەنجام داوە، چەند مەبەستێکی شیعری نەتەوەیی و مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە لە چەند دیمەنێکدا پیشان دەدات، کە بە شێوەی ناوهێنانی کارەکتەر یان دانانی پیت یان دانانی هێڵ بۆ دیاریکردنی دیالۆگەکان داڕێژراوە، بۆ نموونە لە دەقی (ماستاو...)دا دەڵێت:

- پەردە هەڵکشا-

ئا: تەلەفۆنی ئەم سەر: ئاغا لە هاوینە هەواری کوێستان

ب: تەلەفۆنی ئەوسەر: کاربەدەستێك لە باڵیۆزخانەیەك

ئا:

هەلاو... هەلاو... گەورەم! سێرم!

هۆی گیرفان و سکی تێرم

هەلاو... هەلاو...

ڕووناکیی چاو!

ب:

ئەلۆ... ئەلۆ... ((شێك))م! ((ئاگا))م!

لەناو گەلتا پشتم ، پەنام!

ئەلۆ... ئەلۆ...

((کۆت)) براڤۆ! (گۆران، ١٣٨٦، ٢٧٣)

لە دەقی (جۆقی یۆنسکۆ)دا دیالۆگکردن لە نێوان چەند کەسێکدایە، وەك دەقێکی فرەدەنگی دیاریدەکرێت، کە دەڵێت:

-پەردە هەڵکشا-

پرۆفیسۆر:

هاتووینە دێی بەرد و کوچك

خڕ بیژەنە وەستای دومبك!

خڕ بیژەنە کەمانەژەن!

کچان، ئێوەش سەما بکەن!

{ساز و سەما دەست پێ ئەکا}

کچە مامۆستای گۆرانیبێژ:

من زانای دەرسی ئەلفبام!

دوو جار بڵێن: تەرلای لای لام!

هەموو:

تەرلای لای لام...

تەرلای لای لام... (گۆران، ١٣٨٦، ٢٧٦)

(قانع)ی شاعیر لە دەقی شیعری (یەك دواندن)دا بە شێوەی ڕاستەوخۆ و بە پرسیارو وەڵام دیالۆگێکی شیعری دروست دەکات، کە هەر خۆی پرسیار دەکات و وەڵامدەداتەوە، بە گیانێکی نەتەوەیی مەبەستی گەیاندنی زانیاری و پێدانی ئامۆژگاریە بۆ نەوەی داهاتووی کۆمەڵگەی کوردی، کە دەڵێت:


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئەی کورِ نەوەی کێی؟ نەوەی شێرانم

تۆ لەکام هۆزی؟ هۆزی کوردانم

بۆ ڕەنگت زەردە؟ دەردم گرانە

دەردەکەت چیە؟ کزی کوردانە

جا، بۆچی کزن؟ چونکە جێماوین

جێمانێکی چۆن؟ تەواو فەوتاوین (قانع، ٢٠٠١، ٣٦٠)

هەروەها لە چەند دەقێکی وەك (قانع و باز) و (جوتیار و گاجووتەکەی) و (قانع و لێفەکەی)دا بە شێوەی ناوهێنان و ڕاستەوخۆ دیالۆگ لەگەڵ کەسی بەرامبەر و ئامادەدا لە ڕێگەی بانگکردن و نەکردنی کارێك دەکات، کە وەك کەسی قسە بۆکراو و گوێگر دیالۆگ ئەنجام دەدەن، کە لە دەق (قانع و باز)دا دەڵێت:

ئەی باز! ئەی مەلی باڵداری خوێنخوار

لەناو مەلەکان مەشور بە زۆردار

ئازاری گیانی گیانداران ئەدەی

بەلای دەردتۆ، خۆت بەخێو ئەکەی

تا دەگاتە:

مردنت باشە تا ژیانی وات

شۆڕەت، خوێنخۆریت بخەیتە وولات

من بە تۆ ئەڵێم هەی ستەم پیشە!

ئەمە کردار و کردوە و ئیشە! (قانع، ٢٠٠١، ٤٧٦)

پاشان لە دوای سێیەم دەق باز وەك کاراکتەری دیالۆگەکە وەڵامی شاعیر دەداتەوە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕووت، کە دەڵێت:

وەڵامی باز:

(قانع)خوێنخۆریم خەتای خۆم نییە

سروشتم وایە، دەسەڵات چییە؟

ئەگەر تەبیعەت دەنوك نەدا پێم

سەربەندی شاخان، دانەێ بۆ جێم

چنگی قولاپدار وەك نێرەی خوێنڕێژ

نەخاتە پەنجە مەحکەم و درێژ

نینۆك وەك ئەڵماس، نەخاتە پەنجە

هیچ مەلێ لەمن نابێ دڵ ڕەنجە

منیش وەك کۆتر دانە خۆر ئەبووم

بۆ خۆم ئەژیام، بەهەر جۆر ئەبووم (قانع، ٢٠٠١، ٤٧٧)

هەربەو شێوەیە لە دەق (جوتیارو گاجووتەکەی)یشدا شاعیر بەهۆی دیالۆگی ڕاستەوخۆوە، لە شێوەی پرسیارو وەڵامدا، چۆنێتی ژیانکردن و هۆکاری برسێتی و ڕووتی کەسێتی جوتیار و زەحمەت و نارەحەتی ژیان وکارو پیشەی گاجووتمان بۆ باس دەکات، کە دەڵێت:

گارەش، نووری بینایيم

ئەی كۆمەكی تەنیایم

تا دەگاتە:

لە تۆ سەرم سوڕماوە

چییە والێت قەوماوە

نەتۆ ئەووەستیت نە من

لەبەرچاو ، دۆست و دوژمن

کەچی هیچ دیار نییە

چییە؟ ئەم سیحرە چییە؟

وەڵامی گاجووت:

مام سمایل، جوتیارم!

ڕەفیقی كۆهسارم

تۆ، شت زۆر پەیدا ئەكەی

بە هیچ، لە ناوی ئەبەی

باوەجوود خەتات نییە

دەستەڵاتی تۆ چییە؟

تا لە كۆتایدا دەڵێت:

ئەگەر گشتی بۆ خۆت بێ!

ئیشت ئەكا جێبەجێ (قانع، ٢٠٠١، ٤٧٨-٤٨٠)

باس لە ژیانی جوتیاری كوردە و پیشاندانی لە زۆر لایەن و ڕوویەكەوە، هەروەك (دكتۆر عیزەدین مستەفا) دەڵێت: ((قانع لە نەخشەكێشانی وێنەی فەلاحدا شتێكی ترە، تەواو ئازاری فەلاحانەی چەشتووە، بەهەست و بە هونەریش ئەو مەبەستەی پیشانداوە)) (علی، ٢٠١٣، ٢٤٤) لە دەقی (لەگەڵ گەنم)دا ، دیالۆگی شاعیر پرسیاركردنە لەپێناو گەیشتن بەڕاستییەك كە هەمووكەس دەیزانن، كە دەڵێت:

قانع:

گەنم تۆ دینت، تۆ لەكام گیایت

ئەمە چەن قرنە، خەڵكی سەر دنیایت

ڕاستم پێ بێژە تۆ بۆچی چاكی؟

لەناو دەغلانا، تۆ بۆچی تاكی؟!

كێ تۆ سەوز ئەكا؟ كێ تۆ ئەچێنێ؟

كێ لەگەڵ تۆدا ئارەق ئەڕژێنێ؟

تا دەگاتە :

ڕاستم پێ بێژە كۆنەی كۆنە ساڵ!!

هەتاكو ئیستە، كێت كردووە بە ماڵ؟ (قانع، ٢٠٠١، ٣٦١)

ئەمەش وەك نموونەی دەمەتەقێ لەگەڵ كەسی بەرامبەر(بێگیان/سروشت)دا، كە ((هەر بە زمانی گەنمەوە وەڵامی خۆی دەداتەوە، قانع ئەم جۆرە دیالۆگەی لە هەندێ لە شیعرەكانیدا بەكارهێناوە و لەو دیالۆگاندا خۆی وەڵامی دەداتەوە)) (علی، ٢٠١٣، ٢٤٥)، كە دەڵێت:

گەنم:

قانع! من گەنم و پاشای نیعمەتم

بە واتای خەڵقی، خەڵکی جەننەتم

هەر منم کە هۆی ژینی ئینسانم

هەر من ڕەونەقی گەل و نیشتمانم

تا دەگاتە:

ڕوو سووری مەجلیس، یاران هەر منم

دەبدەبەی ئاغا و خانان هەر منم

بۆمن هەژاران ڕوو ئەکەنە چۆڵ

ئەسوڕێنەوە هەمانە بە کۆڵ (قانع، ٢٠٠١، ٣٦١)

هەر بەم شێوە دیالۆگی شیعریی ڕاستەوخۆ لەلایەن (موفتی پێنجوێنی) شاعیرەوە، بە شێوەیەکی فراوان بنیاتی چەند دەقێکی شیعری پێکدێنێت، کە هەندێکیان بەهۆی پرسیارو وەڵامدانەوەوە و هەندێکی تریان بەشێوەی ئامۆژگاری کردنی کورو کچەکانیەوە هۆنراوەتەوە، وەك لەم دەقەیدا بە ناونیشانی (پرسیاری مەلایەکی بانەیی لە موفتی) کە لە ساڵی (١٩٤٥)دا نووسراوە، سەرەتا بە دەقی پرسیاری مەلا دەستپێدەکات، دەڵێت:

مەلا عبداللهی توتنچی پێنجوێن

بە ئیمەی ناسیت گەلاوێژ و ژین

پرسێکم هەیە لە ڕێی شەرع و دین

ساتۆیش بنووسە جوابێکی شیرین

تا لە کۆتایدا دەڵێت:

کاغەز نووسینیش کوردی زمانە

دیارە نیشانەی ئاخر زەمانە

-مەلا قادر-م لە دێی (ئارمردە)

پێویستە جوابم بەم دەست و بردە (توتنچی، ١٦٤)

پاشان لە دەقی دواتردا (وەڵامی موفتی بۆ مەلا قادری دێی ئارمردە) دێت و دەڵێت:

مامۆستای گەورەم شاعیری ڕەنگین

کۆگای زانستی ڕێگای {لەدیوانەکەدا نووسراوە: ڕێگاری } شەرع و دین

ئەو پرسیارانەی کە تۆ لێت کردووم

جوابیت عەرز ئەکەم تاکو نەمردووم

جێگەی تۆ لە دێی چۆڵ و لاپەڕە

کۆمەڵی دوورن وەك بزن و مەڕە

هیچتان نازانن ئەم دنیا ڕوونە

چۆنە و چ ڕەنگە و عالەم چلۆنە

تا دەگاتە ئەوەی دەڵێت:

نووسین بە کوردی تاکەی کوفرە لات

بۆچ لات ناخۆشە زبانی وولآت

لێم زویر نەبی هاورێی ژینتم

کوردم وێنەی تۆ هەم هاودینتم

تا لە کۆتایدا دەڵێت:

-مەلا عبداللە-ی توتنجی پێنجوێن

جوابی دایتەوە بە زووبانی دین (توتنچی، ١٦٥-١٦٦)

(هەژار)ی شاعیر لە چەند دەمەتەقێیەکدا بە ناونیشانی (دەمەتەقەی بایز و پیرۆت)و (دەمەتەقەی بایزو باپیر) و (دەمەتەقەی باپیرو پیرۆت) و (دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر) بە شێوەی دانانی پیتی (پ، ب-ب،پ)دا لەنێوان دیالۆگی دووکەسدا شیعرێك بەرهەمدەهێنێت و دەنووسێت، کە لە دەقی (دەمەتەقەی بایزو پیرۆت)دا دەڵێت:

پ: مام بایز رۆژباش

ب:علیك السلام

پ: ئەمە یانی چی؟

ب: جیرانی مەلام

پ: ئەی دوێن و پێرا!

ب: بەخوا چوومە شار (هەژار، ٢٠٠١،١٤٨-١٤٩)

لە دەقی (دەمەتەقەی بایز و باپیر)دا دەڵێت:

ب: مام پیرۆت سڵاو

پ: ئای وەحەلێکم

ب:چۆنی؟ لە چیدای؟

پ: بە خوا نارێکم

ب:نارێکیت لە چی؟

پ:ئەپرسی لە من؟ (هەژار، ٢٠٠١، ١٦٢)

هەروەها لە دەقی (دەمەتەقەی پیرۆت و باپیر)دا دەڵێت:

پ: باپیر مەرحەبا

ب: مەرحەبا سەرچاو

پ: بۆکوێ وا گورجێ؟

ب: بەخوا ، ئەچمە راو

پ: راوی چی ئەکەی؟

ب: هەرچیم دەسکەوێ (هەژار، ٢٠٠١، ٢٥٦)

هەروەها (محەمەد ساڵح دیلان)یش لە چەند دەقێکیدا دیالۆگی شیعری ئەنجامداوە، کە لە دەقی شیعری (دەمەتەقێ)دا، دیالۆگێکی راستەوخۆی بە شێوەی رووت و ناوهێنانی کاراکتەرەکان (لاس و گوڵ) وەك دوو کاراکتەری سەرەکی دیالۆگ ئەنجام دەدەن، بە شێوەی هەواڵپرسین و هەواڵگەیاندن هەروەك ئاماژەی بۆکراوە، کە دەڵێت:

لاس:

گوڵەباخ ئیمساڵ شکاوە چڵی
وەنەوەشە سیس و ژاکاوە گوڵی
گوڵاڵە بە حاڵ هێزی تیا ماوە
ئەوەندە خوێنی لە لەشتکاوە
پەپوولە حۆل و گێژ و وڕیووە
هێندە قەبرغەی بە دڕکا چووە...!

گوڵ :

وازم لێ بێنە دەستم دامانت
نازانم چی یە ناو و نیشانت
پەڕ و بۆم وەری و لەش داڕزاوە
چڵی دونیا لەڕووم چەقاوە
تۆ .. بەرگی زەرقیت کردۆتە بەرت
بەڵام ڕەش پۆشە ئاسمانی سەرت (دیلان، ٢٠١٣، ٦٠-٦٣)

**٢-دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفی:**

نموونەی ئەم چەشنە دیالۆگە شیعرییە لە شیعری کۆن و نوێدا تەکنیکێکە زیاتر پشت بە لێهاتووی و سەرنج و توانای دیقەت و وردی ڕوانینی شاعیر دەبەستێت، لە وێناکردن و وەسفکردنی کەس وشت و ڕووداوەکاندا، بەجۆرێك شێوە و شێوازێکی فەلسەفی و خەیاڵێکی داهێنراو تیادا ڕەنگدەداتەوە، هەروەك (حەمدی) شاعیر بە شێوازی وەسف و دیالۆگ لە ڕێگەی بانگکردن و پرس و نەکردنی کارێکەوە، لەگەڵ (کوردستان) دا دەکات و دەڵێت:

ئەی وەطەن ڕۆم و عەجەم موشتاقی کوردستانتە
ئیفتیخاری میللەتی کورد شەوکەتی عینوانتە
بەستە سەربەرزی ئێواران و سبەینان مانگ و ڕۆژ
وەك نیشانی ئیفتیخاری سنگ و نەجمەی شانتە

لە کۆتاییدا:

پیرەمەگروون تاجی شاهانەی بەسەر بەرزی فڕاند
تەم دەماوەند داگری مەحجووبی هەورامانتە
خەتتی دیوانی شکستەی گرد و لووتی بەرزی شاخ
واضیحە بۆ سەربەخۆیی طوڕەیی فەرمانتە
جار بەجار (حەمدی)گلەت گەر لێ بکا ناحەق نی یە
جەردە ڕامەگرە نەڵێن خەڵقی کە جانی جانتە (ساحێبقران، ١٩٨٤، ٨١-٨٢)

هەروەك لە شیعری نوێدا، بۆ نموونە (دڵزار)ی شاعیر بەشێوەی پرسیار و وەڵامدانەوە، دیالۆگێکی ڕاستەوخۆی وەسفی لەگەڵ دڵدا وەك

کەسی بەرامبەر خودی شاعیرە ئەنجامدەدات، لێرەدا کەسی بەرامبەر (دڵ) کە خودە دەست بە دیالۆگ دەکات، لە دەقی شیعری (دڵ و دڵزار) دا، کە دەڵێت:

دڵ:

دڵ دەڵێ دڵزار لە بۆچی سینە کورەی ئاگری؟

بۆچی فرمێسکت بە سروەی بەحری ئەبیەز ناسڕی؟

بۆچی داری غەم بە تەوری کەیفو شادی نابڕی؟

بۆچی بەرگی زیللەتت سەرتا بەخوار دادڕی؟

بۆچی ڕێگەی ڕەوشەنی ژینی بەرز داناگری؟

دڵزار:

ئەی دڵا بای بەحرو بەڕ ئەشکم وشك ناکاتەوە

باخی ڕەنگینی فەلەستین دڵگەشیم ناداتەوە

کێوەکەی قودسی موقەددەس مەینەتم ناباتەوە

حەسرەتی دووری وەتەن خوێنی جگەر دەخواتەوە

ناعیلاجم غەم دەخۆم و کەس غەم لە بۆ خۆی ناکڕێ (دڵزار، ٢٠٠٦، ٧٣)

لەم دەقە شیعریەدا شاعیر دیالۆگ لەگەڵ سیمبوڵێك سازدەکات کە (دڵ)ە، بەڵام ئەم سیمبوڵە بە واتا میتافۆرییەکەی خراوەتە دووتوێی گفتوگۆ شیعرییەکەوە.

هەروەها (قانع)ی شاعیر لە دەق (لەگەڵ شاخی هەوراماندا) دیالۆگێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ شاخی هەوراماندا وەك کەسی بەرامبەر(سروشت)، لەڕێگەی هەواڵپرسین و شێوەی وەسف ئەنجام دەدات، سەرەتا بە وەسفکردن و پیاهەڵدان دەستپێدەکات و دواتر هۆکاری بێ ڕەنگی و دڵتەنگی دەبێتە جێگەی پرسیار و شاخی هەورامان وەڵامی دەداتەوە، کە دەڵێت:

قەڵای هۆزو گەل، شاخی هەورامان

پرسیارم هەیە دەستم بە دامان

لەلام ڕووناکە، شاخێکی سەختی

پشت و کۆمەکی، وەخت و بێ وەختی

سەرکڵاوانت کوێستانی پرگوڵ

تەماشای گوڵت، زاخاو ئەدا دڵ

تا دەگاتە:

ئیستە نازانم، بۆچی بێ ڕەنگی؟!

دووربێ لە گیانت، بۆچی دڵتەنگی؟

شاخی هەورامان:

وتی: ئەی (قانع)، لەمن بێ کەستر

لە من داماوتر، لەمن بێ دەستر

بۆچی لێت پرسیم؟ دەردم گرانە؟؟

وامن پێت ئەڵێم؟ زۆر چاك بزانە


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

تەماشا ئەکەم، بەرزە دەماخم

لەناوشاخانا ، سەرگەورەی شاخم

تا دەگاتە:

قەڵبەزەی تاقم، قرمەی بەفراووم

چەپکەی لانزار، وەك بووك نەخشاووم

شنەی نەسیمم لەبەری بەیان

ئەدا لە گۆنای نازك نەوهەڵان

ئەمجا ئەزانی، کەمن بەهەشتم

سەرەتا بەخوارم، ڕاستە گوڵ گەشم (قانع، ٢٠٠١، ٣٩٦-٣٩٧)

**٣-دیالۆگی ڕاستەوخۆی شیکاریی:**

هەرچەندە بەپێی ئەو شێوە بە یەکداچوون و تێکەڵبوونەی لەم جۆرەی دیالۆگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفیدا، بەڵام دەتوانیین وەك جۆرێکی تری دیالۆگی ڕاستەوخۆ بە سیما وزانیاری زیاتر ئەم چەشنە بە جۆرێکی سەربەخۆو جیا دابنرێت، هەروەك لە نموونە شیعرییەکاندا دەکرێت ئاماژەی بۆبکرێت و بەدیاربخرێت.

بەوپێیەی لە ڕووی بەکاهێنانی زمانەکەیەوە زۆر قوڵتر و چڕترە و لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ڕۆچوونە بۆ ناو زانیارییە مێژوویی و ئایینی و کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکان، بەجۆرێك بیرکردنەوە و لێکدانەوەی فرەتر هەڵدەگرێت. بۆنموونە وەك (پیرەمێرد) لە دەقی شیعری (ڕاستی)دا، ڕووداو و بەسەرهاتی کەسێکی خزمی خۆیان دەکاتە نموونە و ئەنجامی کاری چاك و خراپ و دەرکەوتنی ڕاستی و درۆ، هەر لێرەوە پەیامی ڕاستی دەدات بەگوێی هەموو کەسێکدا، کە لە ژیانی خۆیدا بیکاتە بیروباوەر و ئامانجی و کاری پێبکات، لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا وەك گێڕانەوەیەکی بابەتی و خودی، تەکنیکی دیالۆگی وەسفی و دیالۆگی ڕاستەوخۆی شیکاریی، شێوەی پرسیارو وەڵام بەکارهاتووە، کە دەڵێت:

پیاوێکی خزمی ئێمە فەقێ قادری گورگەدەر

عومری بە ڕاوو سوحبەت و خۆشی دەبردە سەر

پێنج باری ئێمە باسووق و سجووق بار ئەکا لە وێ

خۆ دیارە (باجگر) لەو سەرەڕێیە پارەیان ئەوێ

ئەو وەختە ئیحتیساب بووگەلێ پارەیان ئەسەند

باجگر لە دەوری شار هەموو ڕێیان ئەکردە بەند

پیاوێکی تر دیسان وەکوو ئەو باری پێ دەبێ

تەگبیری بۆ دەکا دەڵێ دەربازی کەین بە شەو

دەیزانی (هەمزە) باجگری پیر، چاوی وا لە خەو

ئەمیان ئەڵێ: دزینە و ڕەسمی دووقات ئەبێ

بەم ئاین و ئۆین و شاردنەوە ، چۆنمان نەجات ئەبێ؟

لام وایە هەر لە ڕاستییەوە ڕێی خۆم بگرمە بەر

ڕسگار ئەبم بە ڕاستی ، هەموو ئیش ئەچێتە سەر

تا دەگاتە:

س: بارت چیە؟ بوەستە کەرت ڕاگرە لە وێ

ج: باسووق و سجووق و مێوژو دۆشاوە، چیت دەوێ؟

س: ڕووت ڕەش بێ، بۆچی گاڵتە بە ڕیشی سپیم ئەکەی؟

من بێم هیچ نەبێ برۆ دەردی سەریم ئەدەی

ج: خەرەفاوی پیرە ! گاڵتە بە ڕۆژ ناکرێ وەرە

هەرچی کە پێم وتی : هەیە بارمتەکەت بەرە

س: ((دفع البلا)) بە ، تێ پەڕە ئاڵتوون بێ بارەکەت

من نامەوێ سەر و سەمەنە و سەکوت و چارەکەت

لێم لادە گورگی ((گورگەدەر))ی گەڕ ، کە ڕاپەڕم

سەد گورگی وەك تۆ هەڵ دەدڕم ، ئێستەکەیش کوڕم!

هەرچەند وتی : کە ڕاست ئەکەم ، ئەو تووڕەبوو نەهات

ڕاست و ڕەوان لە باجگر و جەردە نەجاتی هات

سەیرکە ڕاست و چەوتی نەتیجەی بەچی ئەگا؟

وا چاکە پیاو هەموو دەمێ ڕاست بێ ، درۆ نەکا (پیرەمێرد، ١٩٩٠، ٤٠٣-٤٠٤)

هەروەها (شێخ سەلام)ی شاعیر لە دەقی (گفتوگۆی ملەکەوە)دا، هەروەك لە ناونیشانی دەقەکەوە ئاماژە بە دیالۆگی شاعیر لەگەڵ شاخی ملەکەوەی ناوچەی پێنجوێنە، وەك سروشتی کوردستان لەگەڵ دیمەنەکەیدا، کۆمەڵێك تایبەتمەندی و ڕووداوی مێژووی و کۆمەڵایەتی و دۆزی نەتەوەیی تیادا ڕەنگرێژکراوە، هەموو ئەمانە بەهۆی پرسیارکردن (بۆچی، کوا، کوانێ) و وەڵامدانەوەی کەسی بەرامبەر، پاشان ئاڵوگۆڕکردنی قسەکەر و گوێگر، لە ڕێگەی گێڕانەوەوە ئەنجامدراوە، بە دانانی سێ ئەستێرە لە نێوانی دەقەکاندا جیاکراوەتەوە، دەڵێت:

هەی ملەکەوە بۆچی داماوی ؟

بۆچی وا کەوە و شین هەڵگەڕاوی؟

بۆ ڕەنگی خاکی لە ڕووت براوە؟

بۆچی سەوزە گیات لێ نەڕواوە؟ ..........

***

زۆر بە کەساسی شاخی کۆنە ساڵ

جوابی دامەوە بە زمانی حاڵ

شاخێکی بەرزو سەوزو سەخت بووم

پڕ گوڵ و نەسرین پڕ لە درەخت بووم ........ (سەلام، ١٩٩١، ٧٢)

پاشان کەسی بەرامبەر (ملەکەوە) دەبێتە قسەکەر و دەڵێت:

کوانێ نەعرەتەی شێری ژیانم؟

کوا زیرەی پڵنگی بەری بەیانم؟

کوا چریکەی باز لەسەر کڵاوان؟

کوانێ قاسپەی کەو لە گۆی شەتاوان؟

پێت بڵێم بۆچی شین هەڵگەڕاوم

بۆ بووم بە قەقنەس بۆچی سوتاوم (سەلام، ١٩٩١، ٧٣-٧٤)

هەروەها بۆ نموونە (قانع)ی شاعیر لە دوو دەقی شیعریدا، کە بۆکۆچی دوایی (موفتی پێنجوێنی) وتووە، بە ناونیشانی (قانع و گۆڕی موفتی) لە دیوانی (موفتی پێنجوێنی) نووسراوە، شاعیر هەر خۆی پرسیار دەکات و وەڵامدەداتەوە، واتا بە شێوازی دیالۆگی نێوان دووکەسی ئامادە و ڕاستەوخۆ سەرەتا بە شێوەی وەسف و پیاهەڵدان و دواتر شیکاری ژیانی کۆمەڵگە و نەتەوەکەی و حاڵی خۆی لەدوای بە جێهێشتنی برادەرو هاوڕێی (موفتی)، کە وەك کەسی بەرامبەر و وەڵامدەرەوە، دەڵێت:

ئەی برای شیرین یاری هاوفەردم

کڵێشەی وێنەی ڕەنگەکەی زەردم

هاوڕێی مناڵیی قوتابخانەکەم

هاوڕێ چۆڵ گەردی بیابانەکەم

تا دەگاتە:

بۆ بەجێت هێشتم ڕووناکی دڵم؟

دیلی گیراوی زیندانی گڵم؟

- وەڵامی موفتی لە گۆڕەوە...

بە دەنگی نەرم کە هاتە زمان

وتی ئەی هاو فەرد وێڵی بیابان

ئاخر چۆن نەمرم بەم ئاخ و دەردە

بەم لێوە وشکە و بەم ڕەنگە زەردە

تا دەگاتە:

بەخوات ئەسپێرم دەروون پڕ لە زام

وا چاوەڕێتم زووکە بێ بۆ لام (توتنچی، ٢٥٢-٢٥٥)

هەروەها (مەدهۆش)ی شاعیر لە دەقێکدا بە ناونیشانی (قانع){لە هەردوو چاپی دیوانەکەیدا نووسراوە:قانیع}، تیایدا سەرەتا بەشێوەی وەسف باس لە بلیمەتی و دانای و ڕەنگینی شیعرەکانی قانع دەکات، دواتر بە هۆی دیالۆگکردن و پێدانی زانیاری لەلایەن کەسانی بەرامبەر، دیالۆگێکی ڕاستەوخۆ ئەنجام دەدات، کە پاش بڵاوکردنەوەی دەقە شیعرییەکە (قانع)ی شاعیر بە دەقێکی شیعری وەڵامی (مەدهۆش)ی شاعیر دەداتەوە، ئەمەش وەك جۆرێك لە دیالۆگی شیعریی نێوان دوو دەق دادەنرێت، واتا وەك دەقێکی پرسیار ئامێز و دەقێکی وەڵامدەرەوە پێکدەهێنێت، هەرچەندە بەئەو شێوەیە لە شیعری کلاسیکدا، وەك جۆرێك لە دیالۆگی شیعریی نێوان دوو شاعیر، کە لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕی نامەی شیعریی لە نێوان شاعیراندا دروست دەبێت، بەڵام ئەمەش لێرەدا وەك جۆرێك لە دیالۆگی شیعریی نێوان دوو دەق دادەنرێت، کە تیایدا هەندێکجار شاعیر خودی خۆی هەردوو دەقەکە دادەرێژێت بە نموونەی دەقی شیعری کلاسیك لای(حەمدی) دەقی (تەرجیع بەندی نیشتمانی)، (وەڵامی نیشتمان)، (وەڵام بۆ مەلا عەبدول خالیقی ئەثیری).(حەمدی، ١٩٨٤،١٥٥، ١٢٢، ١٢١)،هەندێجاریش دوو شاعیر بێئەوەی ئاگاداری یەك بن دەقە شیعرییەکانیان دەچنە قاڵبی دیالۆگکردنەوە، وەك ئەم نموونەیە کاتێك (مەدهۆش)ی شاعیر دەڵێت:

بیستبووم قانع هەیە شاعیرە

هونەرمەندێکی دانا و ماهیرە

هەر کەشکۆڵێکم ئەکەوتە بەرچاو

یا گۆڤارێکم ئەدی ناوبەناو

به شیعری قانع ڕەنگین کرابوو

لە لای هەموو کەس پەسەندی تیابوو

گەلێ شیعریشم لای خۆم نووسیبوو

زۆرم لا جوان بوو، خۆیشیم نەدیبوو

ڕۆژێکیان پرسیم ئەم شەمامەیە

بۆنی وا خۆشە ، ڕەنگی کامەیە

تا دەگاتە :

تێر تێر پێکەنیم بەم سینەمایە

وتم: چۆن شاعیر ئاوا ئاوایە؟!

ئەم هۆنراوەیە هی ئەم پیاوەیە

ڕاستە کە خەزنەش لە کەلاوەیە

هاوڕێیەکی خۆم لێم هاتە پێشێ

وەختەبوو گوێچکەم لەبن دەرکێشێ

وتی: هەی نەفام دەمی خۆت بگرە

ڕەخنە لە سیمای زانایان مەگرە

شاعیر کەی لەمە چاکتر ژیاوە

نابینی پاکی بە خەم فەوتاوە (مەدهۆش، ١٩-٢٠) (ب، http://www.ewinebook.blogfa.com ٢٣)

لە پاش بڵاوکردنەوەی ئەم دەقە شیعرییە، (قانع)ی شاعیر بە دوو دەق وەڵامی دەداتەوە، دیالۆگێکی شیعریی لەگەڵ هاوڕێ و برادەردا دەکات، بە هونەری درکە و خوازە ووەسف و ڕوونکردنەوەی کۆمەڵێك زانیاری بۆکەسی بەرامبەر،کە یەکێکیان لە هەمان ژمارەی ڕۆژنامەی (ژین)**، ئەویتریان لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)***، کە لە دەقی دووەمیدا دەڵێت:

برای خۆشەویست! یاری نادیدەم!

شاعیری بەرزی زۆر پەسەندیدەم!

لە برادەران منت پرسیبوو

لەناو گۆڤارا شیعرت نووسیبوو

منت نەدیبوو کە ئایا چۆنم

پێت نەزانیبوو کە کەوڵەکۆنم

تا دەگاتە:

بۆچی براگیان هەر فاسۆن پیاوە

قۆندەرەی تازە خاوەنی ناوە (مەدهۆش، ٢١)

٤-دیالۆگی ڕاستەوخۆی سیمبولی:

لەم چەشنەی دیالۆگی ڕاستەوخۆدا دیالۆگ بەهۆی بەکارهێنانی کۆمەڵێك سیمبول (هێما)و ڕەمزەوە دەردەبڕێت و دەردەخرێت، ، واتا وەك خەسڵەت و تایبەتمەندی جیهانە شیعرییەکە لە دەربڕینی واقیعدا بە خەون و خەیاڵ، ((کە پەنا بۆ درکە (کۆدکردن)و ئیشارەت پێدان


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دوور لە ڕاپۆرتدان و ئاشكراكردنی ڕاستەوخۆ و پێشنیاری زیادە دەبات)) (سلیمان، ٢٠١٣، ٧)، لە ڕێگەی خودی زمانەوە، ئەگەر شیعر (( لە زمانی ئاماژەو سەمبول و توخمی برووسکە ئاسا پێکهاتبێت)) (مەلا، ٢٠١٢، ١٦) ، بە جۆرێك لە پێناو دەرخستنی ڕووداو و كەسەكاندا بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بۆ دەكرێت، كە هەر هێماو ڕەمزێك هەڵگری كۆمەڵێك زانینی دیاریكراوە، تیایدا وەرگر یا خوێنەر لە دوو توێی دەقەكە و دەورووبەری دەقەكە، واتای سیمبول و ڕەمزەكانی بۆ ئاشكرا دەبێت و لێیان تێدەگات، كە هەندێك جار شاعیر یا نووسەر بە سانای بەكاریاندەهێنێت، هەندێك جاریش ئاستی تێگەیشتنی خوێنەری ئاسایی تێدەپەڕێنێت و بیركردنەوەی قووڵ و زانیاری پێویستی سەبارەت بە هێماو ڕەمزەكان دەوێت، دیارە ئەمەش بەپێی قۆناغەكانی نوێكردنەوە و سەردەمی نووسینی شیعرەكانیش لەلایەن شاعیران و نووسەرانەوە بەكارهێنانەكانیان دەگۆڕێت و تەنانەت پەیڕەوە شیعرییەكەش دیاریدەكرێت. بۆیە ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی نموونە شیعرییەكانەوە ئەو ڕاستییانەمان بۆ دەربكەوێت، بۆ نموونە سیمبولەكانی (بەرد، شاخ، شێر، پشیلە، جوتیار، كرێكار،....هتد)، لە دەق شیعری چەند شاعیرێكی وەك (قانع، گۆران، دیلان، كامەران، ...) كراونەتە كەرەستە وسیمبول بۆ مەبەستی سەرەكی دیالۆگكردن و گەیاندنی بیروڕا و پیشاندانی واقیع لەهەموو لایەنەكانی ژیانەوە، هەروەها بە كۆدكردنی دەقە شیعرییەكاندا، هەروەك(هەژار)ی شاعیر لە دەق شیعری (گزی هێزە)دا سیمبولانە دەقەكە بەرهەمدەهێنێت، دەڵێت:

شێر پشیلەی دی واقی وڕمابوو

لە بیچم و تەرزا وەكو خۆی وابوو

پرسی وەك منی بەڵام زۆر وردی

لێم ڕوونە زل بووی كێ وای لێ كردی

وتی: بنیادەم بە كزی و گەرە

جانەوەرێكی دووپێی بەدفەرە

وتەی زۆر خۆشی ختەو سندانە

بەشم ڕۆژو شەو بەدار لێدانە

گوتی مەترسە بە گۆڕی بابم

تۆڵەت نەسێنم ئاسوودە نابم (هەژار، ٢٠٠١، ٤١٨)

هەروەها (دیلان)ی شاعیر لە دەق شیعری (لاوك)دا (ئاشنا، ٢٠٠١، ٥٥-٥٨) دیالۆگێكی شیعریی ڕاستەوخۆی لە نێوان دوو كاراكتەری (كیژ و شوان)دا ئەنجامداوە، وەك دیمەنی شانۆییەك و گێڕانەوەی ڕووداوی نێوان دوو دڵدار پیشاندەدات، كە سەرەتا بە شێوەی دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕووت بە ناوهێنانیان و بانگكردن و داواكاری كیژ بۆ شوان و وەڵامدانەوەی دەست پێدەكات، پاشان لە ڕێگەی وەسف و پیاهەڵدان و باسكردنی ژیانی پڕ ڕەنج و تێكۆشانی چینی زەحمەتكێش و ماندووی ڕۆژگار و كۆڵنەدەر، تا لەكۆتایی دەقەكەدا شاعیر لە ڕێگەی بەكارهێنانی ((ڕەنگ وەكو سەمبول )) (مەلا، ٢٠١٢، ١٣)، كە ڕەنگی سوور لەبەرامبەر یەكێتی سۆڤێتی جاران، هەردوو كارەكتەر بەشێوەی داواكردن و بانگكردنەوە دروشمی ئازادی و كامەرانی، بە دەنگ هەڵبڕین و هەڵپەڕكێوە دەڵێنەوە، كە سەرەتا دەڵێت:

كیژ: هۆ كاكەی شوان، كاكەی ناو شاخ

چاوەڕێی سۆزە، گوڵی باخ

ڕاوەستاوی سیحری فووتن

ئاوارەو سەرسامی خووتن

.............................

شوان: هۆ كیژی شەنگ، هۆ كیژی شەنگ

مەیفرێنە خەیاڵی مەنگ

مەستی بۆنی ناو شاخانم

گێژی بریقەی داخانم

............................

تا لە کۆتایدا هەردووکیان دەست ئەکەنە ملی یەکتری و بە هەڵپەڕکێوە ئەڵێن:

هۆ ئاسۆی سوور، هۆ ئاسۆی سوور

خۆت دەرخە لە دەمکەلی دوور

لەگەڵ ئاسۆی ئەرخەوانی

دیاری تۆبێ کامەرانی (دیلان، ٢٠١٣، ١٠٣-١٠٧)

لە دەق (مژدەی مەلێك)دا، دیلانی شاعیر لە ڕێگەی دیالۆگی نێوان منداڵ و کۆترێکەوە، کە سیمبولی (ئاشتی)یە، ئەمەش وەك ((ڕەمزی وێنەیی... کە فۆرم و واتا لەیکدەچن، بنەمای ئەم لێکچواندنە یان واقعییە یان پەیپێبراوە، یان ئێمە وا بیری لێدەکەینەوە کە لەیەکدەچن)) (مەحویی، ٢٠٠٩، ٣٩-٤٠) ، واتا کۆتر وەك مژدەهێنی ئاشتی و نەمانی شەڕو بەدەستهێنانی مافی ئازادی و سەربەخۆیە بۆ هەموو میللەتان، تەنانەت منداڵی نەتەوەی کوردیش دژ بە شەڕو جەنگە و ئاشتیخوازە لە کۆتر داوا دەکات وەك میللەتانی تر، بێت و مژدە و دیاری ئاشتی بۆ بێنێت، دەڵێت:

منداڵ: وەرە من شەرم ناوێ

بملاوێنە تاو تاوێ

من بە ئاشتی و ژینی شەنگ

دوور لە بۆمبا و گڕی جەنگ

وەك گوڵ ئەگەشێمەوە

وەك بوك ئەڕازێمەوە

کۆتر: کۆرپەی شیرین گروگاڵ

ئەوا لەگەڵ بای شەماڵ

بۆم هێنای مژدە و دیاری

دەسکە بە خنە و یاری

ئەوا هەموو میللەتان

کەوتوونە ڕێی تێکۆشان (دیلان، ٢٠١٣، ٧٦-٧٧)


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ئەنجام:

١- ئەدەبیاتی نوێی کوردی بە تایبەتی شیعری نوێی کوردی، بە کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆ و دەرەوە کاریگەربووە، کە نوێکردنەوەی کارە ئەدەبی و دەقە شیعرییەکان لە لایەنی ناوەڕۆك و تەکنیکەوەیە، لەم ڕووە دیالۆگ، ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری بینیوە، بەوەی شاعیران لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بەکاریانهێناوە و بەرهەمی ئەدەبی نوێی وەك (چیرۆکە شیعر، پەخشانە شیعر، ڕۆمانە شیعر، درامای شیعری...)یان دارشتووە.

٢- جۆرەکانی دیالۆگ بەپێی تایبەتمەندییەکانی، دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفی - شیکاریی بۆ دوو جۆری سەربەخۆ جیاکراونەتەوە، بەمەش چوار چەشنی (دیالۆگی ڕاستەوخۆی ڕووت، دیالۆگی ڕاستەوخۆی وەسفی، دیالۆگی ڕاستەوخۆی شیکاریی، دیالۆگی ڕاستەوخۆی سیمبولی)لە شیعری نوێدا بەکارهاتووە، جگەلە دیالۆگی شیعری لە ناو دەقێکدا، دیالۆگی شیعری دوو دەقی شاعیرێك یان دوو دەقی دوو شاعیر، بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی پرسیارو وەڵام دیاریکراوە .

٣- شاعیرانی شیعری نوێ بە شێوەیەکی بەرچاو دیالۆگی ڕاستەوخۆیان بۆ گۆڕینەوەی بیرورا و وەسف و گەیاندنی مەبەست و ڕووداوە کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و نیشتمانی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان بووە، بێجگەلە لایەنی خۆشەویستی و دەربڕینی ناخی خۆیان.

٤-لە ڕووی تەکنیکی بەکارهێنانەوە، شاعیران شێوەی بەکارهێنانی ناوی کەس و پیت و دەستەواژەی (وتم، وتی، پرسی، وەڵامدایەوە، وتیان، پرسیان، ...)و بانگکردن و دانانی نیشانەی (-)هێڵ بۆ ئاخاوتنی کەسەکان، تەنانەت شێوەی دەربڕینی قسە لە ڕێگەی دانانی نیشانەی خاڵبەندی پرس و سەرسوڕمان و ئەستێرە پەیڕەویکراوە.

٥- شاعیران دیالۆگیان لە بەرامبەر کەسی ئامادە و نائامادە ئەنجام داوە، کەسەکانیش وەك خودی خۆی و خۆشەویست و هاوڕێ و برادەر و لەگەڵ سروشتدا دواون، تەنانەت بەرامبەر بە کۆمەڵیش.

٦- بەکارهێنانی زمان بەپێی بەرهەمە شیعرییەکە و ڕۆژگار و سەردەم و ئاستی کەسەکان، لەڕووی(کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی و..، چۆنێتی دەربڕینی شیعر، شێوازی سادە و ئاڵۆزی تیادایە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هونەری درکە و هێما و ڕەمزەوە.

ڕوونکردنەوە:

(*)((چەمکی نوێکردنەوە- هەرچەندە کە چەمکێکی زاراوەییە زیاتر لەوەی کە شیعری بێت- لەگەڵ ڕەوتی پەرەسەندنی مێژووی شیعردا لە برەوێکی هەمیشەیی دایە، واتا پێویستی بەوە هەیە، کە هەنگاوی دوای ئەوە لە هی پێشووتر باشتر بێت، بەو مانایەی کە حەتمییەتی مێژووی گۆڕان دەبێت هەردەم بە ئاراستەی پۆزەتیڤی بڕوات.)) (کریم، ٢٠٠٦، ١٤)

(**)((ڕۆژنامەی (ژین)، درێژەپێدەر و تەواوکەری ڕۆژنامەی ژیان بووە، یەکەم ژمارەی دەکاتە ژمارە (٥٥٤) لە ساڵی ١٩٣٩ تا ٧/شوباتی ١٩٦٣، بە بەردەوامی لە سلێمانی دەرچووە ...))، (حوسێن، ٢٠١٠، ٢٠٣)

(***)کۆواری دەنگی گێتی تازە، هەفتانەیەکی ڕێك و پێکی ئەدەبی و خوێندەواری و زمانی و ئیجتماعی و پەیامی و هەفتەیی کوردی (کرمانجی باشوور)ە، خاوەنی ئیمتیاز: محامی فایەق تۆفیق، مودیر مسئوول: محەمەد بابان، مودیری ئیدارەو رەئیسی تەحریر: حوزنی موکریانی، لە چاپخانەی معاریف لە بەغداد دەرچووە، لە ساڵی ١٩٤٤-١٩٤٦، تاساڵی چوارەمی بلأوکردنەوەی ، پاشان سەرلەنوێ بە پرۆژەی هاوبەش لە لایەن (دەزگای ئاراس و بنکەی ژین)ەوە ،لە ئا. سدیق ساڵح و ڕەفیق ساڵح و عەبدوڵا زەنگەنە، خوولی یەکەمی کۆوارەکەیان لە پێنج بەرگدا کۆکردۆتەوە و خوولی دووەم لە دوو بەرگدا لە هەولێر- کوردستان، لە چاپخانەی ئاراس بە چاپیان گەیاندووە و بڵاوکراوەتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### أ/کتێب:

١-ئاشنا، ئومێد(٢٠٠١)، بارانی سلێمانی (بەرهەمی بڵاونەکراوە و لە یادکراوی محەمەد ساڵح دیلان)، چاپی یەکەم ، بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە(١٠٣)، چاپخانە وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢- ئاوارە(١٩٦٧)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کورد، چاپخانە ژین، سلێمانی.

٣- ئەمین ، عەبدولقادر محەمەد (٢٠٠٢)،وێنەی شیعری لە رێبازی رۆمانسیی کوردیدا، سلێمانی .

٤- تاقانە، ئەحمەد (٢٠٠١)، تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوکردنەوەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٥-پیربال، فەرهاد (٢٠٠٥) ، رەگوریشەکانی تازەبوونەوەی شیعری کوردی، چاپ و بڵاوکردنەوەی: دەزگای کوردستان، هەولێر.

٦-حوسێن، هەڤاڵ ئەبوبەکر (٢٠١٠)، پێگەی رێبازی رۆمانتیکیی لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

٧-خۆشناو، ئەبوبکر (٢٠٠٢) ، شیعری بەرەنگاری کوردی ١٩٧٥-١٩٩١ ، سلێمانی.

٨-خەزنەدار، مارف (٢٠٠١)، مێژووی ئەدەبی کوردی (لە سەرەتاوە تا سەدەی چواردەم)، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٩-رەسوڵ، عیزە دین مستەفا (١٩٨٩) ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، مطبعة التعلیم العالی، اربیل.

١٠-ساڵح أ،ساڵح ب،زەنگەنە، ئا. سدیق و رەفیق و عەبدوڵا (٢٠١٠)، کۆواری دەنگی گێتی تازە، پرۆژەی هاوبەشی دەزگای ئاراس و بنکەی ژین ، خوولی دووەم، بەرگی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر- کوردستان.

١١-سەعید، محەمەد ئەحمەد (٢٠٠٨)، کەرکوك و بزاڤی شیعری کوردی-لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن-، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کوردستان- سلێمانی.

١٢-علی، طاهر محمد (٢٠١٣)، قانع ژیان و بەرهەمی (لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە)، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

١٣-عەبدولکەریم، حەمید عەبدولکەریم (٢٠٠٠)، ئەحمەد موختار بەگی جاف –شاعیر و مرۆڤ-، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی دەزگای سەردەم، سلێمانی.

١٤-کاکی، حەمەنووری عومەر (٢٠١٢)، شێوازی شیعری نوێی کوردی کرمانجی ناوەڕاست (١٩٢٠-١٩٧٠)، چاپخانەی روون، بەرێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

١٥-کاکەی فەللاح، حەمە حەمە ئەمین قادر (١٩٧٨)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا.

١٦-کریم، ئازاد عەبدلواحێد (٢٠٠٦)، نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا (دوای جەنگی جیهانی یەکەم تا ساڵی ١٩٧٠)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووك.

١٧-محمد، مەسعوود (٢٠١٠)، حاجی قادری کۆیی، بەشی سێیەم ، چ. دووەم، چا. ئاراس، هەولێر.

١٨-مەحویی، محەمەدی (٢٠٠٩)، زانستی هێما- هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانیی.

١٩-رسول، عزالدین مصطفی (١٩٦٦)، الواقعیه في الأدب الکردي، صیدا- بیروت.

٢٠-الصائغ، یوسف (٢٠٠٦)، الشعر الحر في العراق –منذ نشأته حتی عام ١٩٥٨-، مطبعة اتحاد الکتاب العرب، دمشق.

**ب-گۆڤارو رۆژنامە:**

١- بیمار، عەبدولرەزاق (١٩٧٠)، دانشتنێك لەگەڵ گۆراندا، گ. بەیان، ژمارە(٢ ).

٢-حسین، محمود، علی طاهر و شنۆ محمد (٢٠١٢)، زاراوەی ئاسۆی چاوەڕوانیی و خوێندنەوەی دەق شیعریی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە ٣٣.

٣-خەزنەدار، مارف (٢٠٠٦)، خاڵبەندی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(١١٥).

٤-سدیق، ئارام (٢٠١٠)، ڕەگەزی «ناونیشان» لە چیرۆکی نوێی کوردیدا، گۆڤاری ڕامان، خولی سێیەم، ساڵی پازدە، ژمارە(١٥٧).

٥-سەعید،حمە، ناز ئەحمەد، ئەڤین ئاسۆس(٢٠١٨)، دیالۆگ و فرەدەنگی لە شیعرە فارسییەکانی مەحوی دا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی پێنجەم ، ژمارە(١٥).

٦-محمد، دڵشاد علی(٢٠٠١)، دیاردەی کاریگەری مەولەوی لەسەر شاعیرانی کرمانجی خواروو (پیرەمێرد،گۆران،دیلان)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژمارە( ٥).

٧-مەلا، ئەحمەدی (٢٠١٢)، ئاژەڵاندنی ئینسان و عەقڵی ئاینی لە شیعری شێرکۆ بێکەس-دا، گۆڤاری هەنار، ژمارە(٧٥)، ساڵی حەوتەم.

٨- سلیمان، م.م. بسام خلف (٢٠١٣)، الحوار في رواية الإعصار و المئذنة لعماد الدين خليل –دراسة تحليلية-، مجلة كلية العلوم الإسلامية، العدد الثالث عشر، مجلد السابع.

**پ-نامەی ئەکادیمی:**

١- نوری ئەمین، محەمەد ئەمین محەمەد (٢٠٠٤) ، شەقڵی نوێخوازی لە شیعری کوردی و فارسی سەدەی بیستەمدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢-حمەأمین، سارا صدق (٢٠١٠)، جەمال شارباژێری و ڕۆڵی لە نوێگەریی شیعری کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**ت-پێگەی ئەلیکترۆنی:**

١-ئیلیخانیزادە، سوارەی (١٩٣٧-١٩٧٦)، تاپۆ و بوومەلێڵ (شێرکۆ بێکەس و گروگاڵ دوای گۆران

www.vejinbooks.com/view/تاپۆ_و_بوومەلێڵ/شێرکۆ_بێکەس_و_گروگاڵ_دوای_«گۆران

٢-مەدهۆش،حەمە عەلی (٢٠٠٦)، یانەی دڵان، چاپی سێیەم، -. http://www.ewinebook.blogfa.com

**ج-دیوانەکان:**

١- بێکەس، فایق (٢٠٠٨)، دیوانی بێکەس ، ڕێکخستن و ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا، چاپی یەکەم، سنە-ناسیح رەحمانی.

٢- پیرەمێرد (١٩٩٠)، دیوانی پیرەمێرد، سەرجەمی شیعرەکانی پیرەمێرد،کۆکردنەوەو ساغکردنەوە: (فائق هوشیار، محمود احمد محمد، مصطفی صالح کریم، محمد نوری توفیق، احمد زرنگ مصطفی)، بەرگی یەکەم، مطبعة الزمان، بغداد.

٣- توتنچی، مەلا عەبدوڵڵای(-)، دیوانی موفتی پێنجوێنی، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا و عبدالکریم مفتی، ئەمینداریی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان .

٤- دڵزار (٢٠٠٦)، دیوانی دڵزار-شیعر، چاپی دووەم، بەڕێوبەرایەتیی چاپخانەی رۆشنبیر، هەولێر.

٥- دیلان، محەمەد ساڵح (٢٠١٣)، دیوانی شیعر، ئامادەکردن و لێکدانەوە و پەراوێزنووسین و پێشەکی: دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

٦-ساحێبقران، ئەحمەد بەگی (١٩٨٤)، دیوانی حەمدی ، لێکۆڵینەوەی جەمال محەمەد محەمەد ئەمین، لەسەر ئەرکی کامل محمد عەزیز قەفتان چاپکراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی.

٧- سەلام(١٩٩١)، دیوانی سەلام، ئامادەکردن و پێداچوونەوە و پێشەکی بۆ نووسینی:ئومێد کاکە ڕەش، چاپی دووەم، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.

٨- گۆران، عەبدوڵلا (١٣٨٦) ، دیوانی گۆران، بڵاوکراوەی پانیز، چاپی سێیەم، چاپخانەی دالاهۆ، کتابخانەی ملی ایران، تهران.

٩- مەدهۆش(-)، دیوانی مەدهۆش.

١٠- قانع(٢٠٠١)، دیوانی قانع ١٨٩٨-١٩٦٥(شاعیری چەوساوەکانی کوردستان)، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپی چوارەم، سلێمانی.

١١- هەژار(٢٠٠١)، دیوانی هەژار(بۆ کوردستان)، بڵاوکراوەی ئاراس–ژمارە(٤)، چاپی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.